# کەرکوك و سیاسەتی تەعریب

نامیلکەی (کەرکوك-سیاسەتی تەعریب)، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە، لەئازاری ساڵی 1985 لە چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ لەشاخ چاپ و بڵاوکراوەتەوە. لە بەرگرنگی وهەڵوێست-بۆ چونی ئەوسەردەمە بڵاومان کردەوە، بە هیواین خۆش بەخش وسوودمەند بێت .

گۆڤاری چیا

بەشی یەکەم/

نەتەوەپەرستەکانی عەرەب و فەرمانڕەواکانی عێراق هەر لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە بیستەکاندا ، ئیدیعای ئەوە ئەکەن کە هەموو خاکی عێراق بە باکورو باشورو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایەوە موڵکی عەرەبەو بەشێکە لە نیشتمانی عەرەب. خەڵکی عێراق ئەوانەش کە عەرەب نین لەوانە گەلی کورد کە ئەمڕۆ بەشێکی لە سنوری دەوڵەتی عێراقدا ئەژین میوانی خاك و نەتەوەی عەرەبن و لەسەر خاکی ئەوان ئەژین.

بۆیە مەسەلەی کورد بە مەسەلەیەکی ناهەق و ناڕەواو، شەڕ فرۆشتن بە نەتەوەی عەرەبەوە بە یەکێك لە گرنگترین ئەو مەترسیانە لە قەڵەم ئەدەن کە هەڕەشە لە عێراق و پاشەڕۆژی دەوڵەتی عێراق ئەکات، تەنانەت هەڕەشە لە نەتەوەو نیشتمانی عەرەبیش ئەکات. بەم جۆرە حکومەتە یەك لە دوایەکەکانی عێراق بەگشتی و (کاربەدەستانی ئێستا بە تایبەتی) بەپێی ئەو تێڕوانینە شۆفێنییە لە هەوڵ‌وکۆششێکی بێپایان و سەرف کردنی پارەو پولێکی بێ شماردان بۆ هەرچی زۆرتری بە عەرەب کردنی ناوچە سنوریەکانی کورد کە بایەخی ستراتیژی‌ومەڵبەندی ئابووری دەرهێنانی سامانی نەوتن. هەر ئەو گرنگیەش بووە بەهۆی ئەوەی کە حکومەت بە دڕندانەترین شێوەو بەجۆرەها دەزگای تۆقاندن و چاوترساندن بکەوێتە وێزەی گەلەکەمان و سەرکوت کردنی داخوازییە ڕەواکانی .

بەڵام ڕاستی واقیعی مێژوویەوە لێکۆڵینەوەی

زانستی ئەو بۆچوونەی ئەوان لە بنەرەت هەڵدەوەشێنێتەوە لە شۆڤێنێت بەولاوە هیچ شتێکی تر ناگەیەنێت، چونکە دەمێکە سەرچاوەکان ئەوەیان ساغ کردۆتەوە کە کوردستان وولاتی کوردانە، گەلی کوردیش لە عێراقدا سەرباری ساڵەهای ساڵی هەوڵی تواندنەوەو لەناوبردن و دەرکردنی لە خاکی باو باپیرانیدا ئێستاش بەلای کەمەوە سێیەکی دانیشتوانی عێراق پێك ئەهێنێ.

حیزبی بەعس هەر لەناوەڕاستی چلەکاندا، کاتێ هێشتا بزوتنەوەیەکی بچووك بوو لە سوریادا. نەبوو بوو بەحیزبێکی بەهێز، هێشتا هومێدی ئەوەشی نەبوو دەسەلاتی سیاسی بگرێتە دەست. بەلام بیرو بۆچوونی تایبەتی هەبوو لەسەر کەمینەکانی (ناونیشتمانی عەرەب) کە بە ئاشکرا لە نامیلکەی (اهداف وغايات)دا لە ساڵی 1945 نوسیویەتی ، هەروەها لە یەکمین کۆنگرەی دامەزراندنی حیزبی بەعسدا یەکێك لەو مەسەلانەی باسیان لێ کردوە کێشەی کەمینەکان و چۆنیەتی ڕەفتارکردن لە گەڵیاندا.

حیزبی بەعس بەدرێژایی تەمەنی خۆی لە نوسینەکانیدا باسی کەمینەکانی کردووە وەباسی مەترسی ئەو کەمینانەی کردووە بۆ سەر نەتەوەی عەرەب و خاکی عەرەب، بۆیە هەمیشە ئەندامەکانی خۆی لێ ووریا کردۆتەوە لەوەی کە ئەبێ هەوڵی تواندنەوەو یاخود دەرکردن، یا لەناوبردنی ئەو کەمینانە بدەن. وە لە پێش ئەوەی خۆشیان بێنە سەر حوکم یەکێك لەو ڕەخنانەی لە حکومەتەکانی عێراق و سوریایان ئەگرت جۆری ڕەفتارکردنی ئەو حکومەتانە بوو لەگەڵ کەمینەکان کە گوایە حکومەتی (شعوب) ین و نەتەوەیی و نیشتمانی نین، چونکە وەکو پێویست خۆیان بەسەرکوت کردنی کوردو تواندنەوەی خەریك ناکەن.

حیزبی بەعس پێش ئەوەی بێنە سەر حوکم ئەندامەکانی خۆی وافێرکردبوو لەهەر کوێیەکی کوردستاندا کاربەدەست بێ چی لەدەست هات بۆ جێبەجێ کردنی بۆ چوونەکانی حزب دژی کەمینەکان ئەنجامی بدات.

بۆیە کاربەدەست و ئەفسەرە بەعسیەکان لە ناوچەکانی جزیرەی کوردستانی سوریا، کاربەدەست و ئەفسەرە بەعسیەکانی عێراق لە موسڵ و بادینان و کەرکوك و خانەقین پێش بێنە سەر حوکم هەرچییەکیان لە دەست هاتبێ بۆ بە عەرەب کردن و تەنگ پێ هەڵچنین و ئازاردانی کوردەکانی ئەو شوێنانەو دەرکردن و دوورخستنەوەیان دریخیان نەکردووە ، مستەفا حەمدون کە ئەندامێکی حزبی بەعس بوو و ئێستا فەرمانبەرە لە عێراق لە ساڵەکانی 1951-1952 فەرماندەی حەربی حدودی کوردستانی سوریا بوو لەگەڵ تورکیا، بەدەیان دیهاتی کوردی چۆڵ کردو بە زۆر عەشایەری عەرەبی لێ نیشتەجێ کرد.

محمد طلب هلالیش ئەفسەرێکی بەعسی سەر بە باڵی حزبی دەسەلاتداری ئێستای عێراق بوو کتێبێکی لەبارەی چۆنیەتی تواندنەوەو لەناوبردن و دەرەبەرکردنی کورد لە سوریادا نوسیوە کە لە دواییدا بوو بە بنچینەی سیاسەتی حکومەتی سوریا لە مەسەلەی کورددا.

ئەمە و لە ساڵی 1963دا کاتێ حزبی بەعس لە سوریاو عێراقدا هاتە سەر حوکم، ئیتر هەلی ئەوەی بۆ هەڵکەوت بۆ ئەوەی بۆچونەفیکری و تیۆریەکانی خۆی بخاتە مەیدانی جێبەجێکردنەوە، لەوانە جۆری ڕەفتارکردن لەگەڵ کەمینەکانی ناو نیشتمانی عەرەب کە یەکێکیان بە کورد لە قەڵەم درابوو، ئەوە بوو لە سوریا بە پێی نەخشەکەی محمد لە دوای ساڵی 1963دا پشتێنەی سەوز(الحزام الاخضر) یان لەناوچە کورد نشینەکانی تورکیا- سوریا بە قوڵایی (10کم) دروست کرد زەوی و زاری جوتیارو ئاغا کوردەکانی

ئەوی یان زەوت کردو عەرەبیان لێ نیشتەجێ کرد.
هەروەها سەرژمێریێکیان بۆ ئەو ناوچانە ساز کرد بۆ ئەوەی مافی هاوولاتی بوون لە کوردەکانی ئەو ناوچانەی سوریا بسێننەوە لە ئەنجامدا مافی هاوولاتی بوونیان لە زیاتر لە (120) هەزار کورد سەندەوە وە مافی خاوەنێتی زەوی وزار، مافی خاوەنێتی خانوومال،مافی خوێندن لە قوتابخانەو زانکۆ،مافی کاسبی و کارکردن لە دائیرەو دەزگاکانی دەولەتی سوریایان نەما.

لە عێراقیشدا دوای ئەوەی هاتنە سەر حوکم لە یانزەمین کۆنگرەی نەتەوەیی حزبی بەعسدا کە لە عێراقدا: بەسترا دەربارەی ئەو نەتەوەو کەمینانەی لەگەلْ عەرەبدا ئەژین دەلێن: (ئەو نەتەوانەی کە قورسایی یەکی نیسبیان لە دانیشتواندا هەیەو لە چوار چێوەی نیشتمانی عەرەبدا ئەژین و زمان و هێمای نەتەوەی عەرەبدا وەکو نەتەوەی کورد ، ئەبێ خسوسیەتی نەتەوەیی ناوخۆییان قبول بکەین و هەر ناکۆکیەك کە لە نێوان ئەم خسوسێتانەو بزوتنەوەی نەتەوەی عەرەبدا هەن چارەسەر بکرێن چونکە ئەم جۆرە نەتەوانە زمان و هێمای جیایان لە زمان و نەتەوەی عەرەب دابنرێن بەهەمان رادەکە نەتەوەی فارسیان هێندی یان نەتەوەکانی تر جیاوازن لێی، چونکە ئەم نەتەوانە کە زمان و هێمای جیاوازیان لە زمان و هێمای عەرەب هەیەو لە دێر زەمانەوە لە نیشتمانی عەرەبدا دەژین، وەکو نەتەوەی کورد،بە رەگی قولْ لەگەلْ نەتەوەی عەرەبدا ژیاون، چونکە لە بنەچەکەوەو لە کاتی بوونیەوە بە درێژی ئەو ماوەیە لەو خاکەدا ژیاون کە لەباری مێژووەوە بە نیشتمانی عەرەب ناسراوە).

ئەو بۆچوونەی حزبی بەعس لە بارەی ئەوەی کورد جیاوازییەکی تەواویان لەگەلْ عەرەبدانیەوە لە نیشتمانی عەرەب دەژین بۆچونێکی زۆر کۆنی شۆڤێنییەو کاتی بەسەر چووە چونکە دەیان سەرچاوەی مێژوویی نووسرانی عەرەب و گەلانی تر جیاوازی گەلی کورد لەگەلْ هەموو گەلان و نیشتمانی کوردستانیان ساغ کردۆتەوە، ئەمەو لەلایەکی تریشەوە ئەگەر کوردەکانی کوردستانی عێراق نزیکن لە عەرەب و لە نیشتمانی ئەواندا ئەژین،ئەی باشە کوردەکانی ئێران و تورکیاش هەر لە عەرەب نزیکن و لەسەر خاکی ئەوان دەژین...؟

دیارە سیاسەتی بە عەرەب کردنی ژمارەیەکی زۆر لەشارو شارۆچکەو دیهاتەکانی کوردستانی عێراق لەلایەن حکومەتی ئێستای عێراقەوە کە حزبی بەعس بەرێوەی دەبات لەوەوە بناوانی هەلْگرتووە کە حزبەکەیان هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە رەنگی بۆ رشتووە. کە لە راستیدا ئەم رەفتارە شۆڤینیە داهێنانێکی نوێ نیە لە دنیادا، بەلْکو چەندین نموونەی شۆڤێنی تری جیهانی هەن کە لە پێش ئەمانەوە هەولْیان داوە بۆ تواندنەوەی گەلێك،یان کەمینەیەك لەناو گەلێکی سەردەست دا.

کەمالیستەکان لە مانگی ئایاری سالْی 1932دا قانونێکیان دەرکرد کە بەپێی ئەو قانونە سەدان هەزار کوردیان لە مەلْبەندی خۆیان راگواستەوە بۆ مەلْبەندێکی ئەوتۆ کە تەنیا 5٪ ی دانیشتوانیان پێك ئەهێنا ئەو قانونە بە راشکاوی دەلێ( ئەوانەی زمانی زگماکیان تورکی نەبێ،رێگایان نادرێ دێیەکانیان دروست بکەنەوەو مەلْبەندەکانیان ئاوەدان بکەنەوەو دەستەو کۆمەلْی پیشەسازیوئایینیوهی تر دابمەزرێننەوە بەپێی بریاری ئەنجومەنی وەزیران وەزیری ناوخۆ ئەتوانێ ئەو دەستەوکۆمەلانە تەنانەت ئەوانەی کە تائێستاش پێك هاتوون هەلوەشێنێ).

رۆژنامەی (ئیلر) ی یان تورکیست لە سییەکاندا نووسیویەتی: ( ئەبێ بێگانەکان- واتە ئەوانەی بە رەگەز تورك نین لەناو تورکیزم دا بتوێنەوە

یا ئەوەتا ئەبێ بمرن).

لـە خـواروی ئەفـەریقاش – بریتۆریـا بـە درندانەترین شێوە سیاسـەتی نیشتەجێ کردنی سپی پێستەکانی لـە جێگـەی دانیشـتوانی ئەسڵی ناوچەکە بـەدەرکردن و زەبـرو زەنـگ و تواندنـەوە پیـرۆ کـرد، کـارێکی ئـەوتۆیان بەسـەر هێنـان تـا ناچـاریان بکـەن نیشتمانەکەی خۆیان بەجێ بهێڵن و سپی پێستەکان داگیری بکەن.

سیاسـەتی زایۆنیزمـە رەگـەز پەرسـتەکانیش بەرامبـــەر بـــە گـــەلی عـــەرەبی فەلەســـتین و فەرەنساییەکانیش بەرامبەر گەلی عەرەبی جەزائروهەر نموونەی ئەو شۆڤێنی یەتەن بەڵام وولاتی یەك ملیۆن شەهید لە ئەنجامی خەباتی چەکدارانەوە سووربونی لەسەر درێژەدان بە تێکۆشان، رزگار بوون و دەسەڵاتی بێگانەیان کردە دەرەوە.

رەش پێسـتەکانی بریتۆریـاو گـەلی عـەرەبی فەلەستینیش لـە تێکۆشانی خۆیـان نەکـەوتوون ورای گشـتی پێشـکەوتنخوازانی جیهـانیش پشـتیوانیان لێ دەکەن.

هـەر بەهـەمان جـۆریش گـەلی کوردسـتان سـەری بـۆ تواندنـەوەی خـۆی و داگیرکردنـی نیشـتمانەکەی کـەچ نـەکردووەو لـە خـەباتێکی دژواردایـە بـۆ دابین کردنـی مافە رەواکانی خۆی بۆیە هـەمان ووتـەی سـەرکردەی ناسراوی گەلی هند جواهر لال نهرۆ لەسەر خەباتی گەلی کوردو شۆرشەکە دووبارە ئەکەینەوە کە ئەڵێت:

(چۆن ئەتوانرێ شۆرشی رزگاریخوازانەی گەلێك تا سەر خامۆش بکرێت ئەگەر ئەو گەلە ئامادە بێت لە نرخی ئازادی خۆیدا قوربانی بدات).

1984/12/22

بەشی دووەم:

لەوەتـەی دەوڵـەتی عێـراق دامـەزراوە و بـەزۆر پارچەیەکی کوردستانیان پێوە لکاندووە گەلی کورد لە پێنـاوی سـەلماندنی مافە نەتەوەیی و دیموکراتیەکانی خۆیدا لە خەباتێکی چەکدارانەی سەخت دایە.

میللەتەکـەمان بۆیـە ئـەو رێگایـەش کردۆتـە شێوەی سـەرەکی خـەبات چونکە هـیچ رێگایـەکی تـری لەبەردەمدا نەماوەو رێگایان نـەداوە بەشێوەی سیاسـی و هێمنانە داخوازییە رەواکانی خۆی بخاتە بەرچاوی خـەڵك و حکومەتـەکان. رێگایـان نـەداوە حـزب و رێکخـراوی تایبـەت بـەخۆی پێکـەوە بنـێ و گۆڤـارو رۆژنامەی تایبەتی خۆی بڵاو بکاتەوە رێگایان نەداوە نـارەزایی خـۆی لـە رێگـای مـانگرتن و خۆپیشاندان وە پەرلـەمان و کـۆری ئـازاد بخاتـە بەرچـاووە ئازارەکـانی خـۆی دەربرێـت و داوای مـافی خـۆی بکـات. بـەڵکو هەمیشە بە ئاگرو ئاسن رەفتاری لەگەڵ کراوەو جگە لە رێگای زمانی تفەنگ هیچ رێگاو بوارو مەیدانێکی تریان بۆ نەهێشـتۆتەوە . بـەڵام داگیرکـەران هـەر کاتێـك هـەر کاتێـك نائومێـد بـوون لەبـەکارهێنانی رێگـای زەبـرو زەنـگ لـە دژی شۆرشـی کوردسـتان، ئـەوا بـە ناچـاری پـەنایان بردۆتـە بـەرگفتوگۆو رێگـەی مفاوەزاتیـان هەڵبژاردووە. گەلی کوردیش هەر کاتێك دەرفتی ئەوەی بۆ رەخسـابێ کـە بەرامبەرەکـەی ئامـادەبێ گـوێ لـە داواکانی بگرێ ئەوا رێگای ئاشتی و هێمنانەی گرتۆتە بەر وەك یەکێك لە رێگاکانی خەبات.

بەیانناـمەی 11ی ئـازاری سـاڵی 1970 یـش وەك دەسکەوتێکی گرنگی مێژوویی لە رێگای گفتوگۆو داننان بە مافی ئۆتۆنۆمی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هاتە کایەوە، بەپێی یاسای ئۆتۆنۆمی ئەبوایە چۆنێتی پێك هاتنی ناوچە سنوریەکانی کوردو عەرەب و هەندێ شارو شارۆچکەی دیاری بکردایە، بۆ ئـەوەی بزانـرێ زۆربـەی دانیشـتوانەکەی لـە چ نەتەوەیـەکن و ئایـا بـەر ناوچەی ئۆتۆنۆمیدار ئەکەون...

کەرکوك و چەند شارو شارۆچکەو ژمارەیەکی زۆر لـە دیهاتـە کوردییـەکانی سـنوور کـە مەڵبەنـدی

نەوتن، بوون بەخاڵێکی گرنگ دروست بوونی کێشەی نێوان حکومەتی عێراق و نەتەوەی کورد، چونکە میری دەیویست ئەو ناوچانە لە سنوری دەسەلاتی دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی بێنێتە دەرەوەو بیانخاتە سەر دەسەلاتی پایتەخت، بە بیانووی ئەوەی گوایە کورد نشین نیە . جەماوەری کوردستانیش بە توندی بەرپەرچی ئەو هەڵویستەی میریان دایەوەو دڵنیایی و سوور بوونی خۆیان ڕاگەیاند لەمەڕ کوردستانێتی کەرکوک و ناوچەکانی تر. بۆیە بەندی 14ی ڕێکەوتننامەی 11ی ئازار( جێبەجێ کردنی سەرژمێری گشتی بوو) لە عێراقدا بۆ دەست نیشان کردنی ناوچە کوردنشینەکان کە ئەبوایە دەسەڵاتداریتی هەر شارو ناوچەیەک بەپێی ڕێژەی سەرژمێری نەتەوایەتی ناوچەکە بێت. بەڵام حکومەتی عێراق لە جیاتی ئەوەی بریاری سەرژمێری گشتی جێبەجێ بکات ، کەواتە بە عەرەب کردنی شاری کەرکوک و قەزاو ناحیەکانی . بۆ ئەوەی بتوانێ لە داهاتوودا کێشی تەرازووی سەر ژمێری شارەکە بەلای عەرەبدا بشکێنێتەوە.

ئەگەر چی ئەو سیاسەتەی حکومەتی عێراق لە تۆقاندن و دەربەدەرو نەقڵکردنی کوردەکانی دانیشتوانی کەرکوک و جێنشین کردنی عەشایەرو فەرمانبەرو کرێکاری عەرەب لە شوێنانیاندا خۆی لە خۆیدا بەڵگەی کوردستانێتی کەرکوک و چاوتێبڕینی بێگانەیە، بەڵام بۆ ئەوەی بۆ چوونەکانمان زانستی ترو بە بەڵگەی مێژوویی بێت، با بەیەکەوە گەشتێک بە هەندێ سەرچاوەی مێژوویی بکەین لە ساغ کردنەوەی ئەسڵی دانیشتوانی کەرکوک.

مێجەر ئەدمۆنس لە کتێبەکەیدا(کورد، تورک، عەرەب) ئەڵێت: کوردستان بەسەر تورکیاو عێراق و ئێراندا دابەشکراوە، چەند چوکلەیەکیشی لە سوریاو یەکێتی سۆڤیەتدا هەیە، سنوورەکەی لەسەر ڕووی هێڵی وێنە کێشراوی ئەریڤان – ئەرزەروم– ئەرزنجان، ئینجا هەندێ خوار دەبێتەوە بەدەوری مەرعەش بەرەو حەلەب،وە لە خوارووی ڕۆژئاواوە لەگەڵ چەند تەپۆڵکەیەك درێژ دەبێتەوە بەرەو ڕووباری دیجلە، ئینجا هەندێ بەرەو سەرووی چیای حەمرین تا سنووری عێراق – لە نزیکی مەندەلی).

مێژوونووسی بەناوبانگی ڕوسیش (نیکیتین) لە کتێبەکەیدا(الاکراد) لە بارەی جوگرافیای کوردستان ئەڵێت: (کوردستان چەند ویلایەتێك دەگرێتەوە کە زنجیرەی چیای زاگرۆس یان لە نێوانیاندایە، ویلایەتی هەمەدان و دینورو کرمەنشاهان دەکەونە ڕۆژهەلاتی ئەوزنجیرەیە، لەرۆژئاواشدا ویلایەتی شەهرەزوورو سنجار ، پایتەختەکەشی قەلای"بەهار"بوو). هەروەها دکتۆر فاضل حسین لەلاپەرە 78ی کتێبی (مشکلەی موسڵ) نووسیویەتی(لیژنەی کۆمەڵەی نەتەوەکان بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتی موسڵ گەڕایەوە بۆ هەموو ئەو نوسینانەی کە مێژوونووس و جوگرافی زانەکانی عەرەب نووسی بوویان، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لەو نەخشانەی عەرەب و سەدان نەخشەی ئەوروپایی کە لە نێوان سەدەکانی 16و20دا کێشرا بوون. هەروەها سەیری ئەو کتێبانەشیان کرد کە سیاحەتنامەکان نووسی بوویان لەگەڵ ئەو سەرچاوە جوگرافیانەی کە لە کۆنەوە لە قوتابخانە ئامادەییەکانی عەرەبی میسر دەخوێندران، تا گەیشتنە ئەو سەرەنجامەی کە سێ ناوچەی دیار هەبووە– عێراقی عەرەبی ، جزیرەو کوردستان – سنووری جوگرافی عێراق لە باکورەوە لە هیت و تکریت یان چیای حەمرین تێپەر ناکات، هەر وەکو چۆن پێش شەپۆلی ئەقوامی عەرەبی بەرەو باشووری عێراق، شاری کەرکوک لەلایەن کوردەکانەوە دروست کراوەو نیشتمانی کوتییەکان بووە.

وتووێژی نێوان تورکیا و بەریتانیش لەسەر چارەنووسی ویلایەتی موسڵدا بوو بەیەکێك لە گیروگرفتەکانی کۆمەڵی نەتەوەکان . لەسەر ئەوەی کە

ویلایەتی موسڵ بە تورکیاوە بلکێنن یان بە عێراقی عەرەبییەوە حکومەتی تورکیا پێشنیاری کرد کە بۆ ئەوەی خەڵك نەزەری خۆی دەربڕێ ڕیفراندۆم بکرێ. بۆیە هەریەکەیان سەر ژمێرێکی تایبەتی دانیشتوانی ناوچەکەیان خستە ڕووە کە بەم شێوەیە خوارەوە بوو:

بەپێی نەخشەی تورکیا

ژمارەی کورد 263/830 کەس بوو

ژمارەی عەرەب 43/210 کەس بوو

سەر ژمێرەکەی بەریتانیا بەم جۆرە بوو

ژمارەی کورد 424/720 کەس بوو

ژمارەی عەرەب 185/763 کەس بوو

دەوڵەتی عێراقی عەرەبیش سەرژمێرێکیان خستە ڕوو کە بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

ژمارەی کورد 494/007

ژمارەی عەرەب 166/941

هەر یەکێکیش لەو دەوڵەتانە بیانووی ئەوەی دەدۆزیەوە کە کورد دەیەوێ لەگەڵ لایەنەکەی ئەودا بژیت. تورکەکان دەیان گووت کوردو تورك چەندین چەرخە پێکەوە ژیاون و پەیوەندی دۆستایەتیان لە نێواندا هەیە.

ئینگلیزو عەرەبەکانیش دەیان ووت کوردەکان ئاریایین و هیچ پەیوەندییەکیان بە تورکەوە نیە.ئەوەی لێرەدا سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە کە لەسەرژمێری بەریتانیاو عێراقی عەرەبیدا کورد زیاترە لە نیوەی کۆی باقی دانیشتوانەکانی تری ویلایەتی موسڵ، هەروەها(شاکرخصباك)ی جوگرافی زانی عەرەب لەلاپەڕە(14و15)ی کتێبی (کوردومەسەلەی کورد)دا لەبارەی جوگرافیای کوردستانەوە نووسیویەتی وشەی کوردستان وەکو زاراوەیەکی جوگرافی بۆیەکەمین جارلەسەدەی 12ی زایینیدا ولە سەردەمی سەلجوقیەکان بەکار هاتووە کاتێ سوڵتان (سنجەر) بەشی ڕۆژئاوای هەرێمی شاخەکانی خستە ژێر دەسەڵاتی سلێمان شای خزمی ، ئەو ناوچانەیش هەموو ئەو شوێنانەی دەگرتەوە کە دەکەوتنە نێوان ئازربایجان ولۆرستان(سنە، دینەوەر، هەمەدان، کەرمەنشاه، هتد) سەرباری ئەو ناوچانەی ڕۆژئاوای چیای زاگرۆس وەکوو(شارەزوورو کویسنجق).

زاراوەی شارەزووریش لە کۆندا بۆ ناوچەکانی سلیمانی و کەرکوك و هەولێرو قەزای خانەقین و مەندەلی شارەبان بەکار هاتووە.

ئەو زاراوەیە لە سجلاتی ڕەسمی لە سەردەمی عوسمانیەکانیش بەکار هاتووە.

(شەمسەدین سامی) زانای بەناوبانگ و مێژوونووسی تورکیش لە کتێبی (قاموسول ئەعلام) کە لە ساڵی – 1890– لە ئەستەمبوڵ چاپ کراوە لە بارەی کەرکوك دەڵێت: (شاری کەرکوك مەرکەزی ئەو لیواییە کە پێی ئەڵێن شارەزوورو ئەکەوێتە ویلایەتی موسڵ لە کوردستاندا سێ چارەکی دانیشتوانی کوردن و چارەکەکەی تریان تورك و عەرەب‌وشتی ترن).محمود الدرّەی نەتەوە پەرستی ناسراوی عەرەبیش لە کتێبەکەی (مەسەلەی کورد) بەم جۆرەی خوارەوە باسی کوردستانی عێراق دەکات: کوردستانی عێراق– باشووری کوردستان–دەکەوێتە پێنج لیوای عێراق– بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتی لیوای موسڵ ، نزیکی 2/3 ی لیوای هەولێر، هەموو لیوای سلیمانی و هەندێك زیاتر لە نیوەی لیوای کەرکوك، کەمینەیەکیش لە لیوای دیالە). دیسان دکتۆر شاکر خصباك لەلاپەڕە 41و42ی هەمان سەرچاوەی پێشوو لەبارەی ڕێژەی کورد دەڵێت( ناوچە دەشتاییەکانی لیوای موسڵ هەموویان عەرەبن بەهەمان شێوە بەشێك لە ناوچە دەشتاییەکانی کەرکووك عەرب و تورکن، بەڵام لیوای سلیمانی‌وهەولێرو زۆربەی هەرە زۆربەیان کوردن،هەروەکو لەم نەخشەیەی خوارەوە دیارە:

لیوای سلیمانی 100٪ کوردن
لیوای هەولێر 91٪ کوردن
لیوای کەرکوک 52/5٪کوردن
لیوای موسڵ 35٪ کوردن

مامۆستا(هلال ناجی)ش دیراسەیەکی بەناوی نەتەوەپەرستەکانی عەرەب نووسیوە لەسەر مەسەلەی کوردەوە پەنجەی بۆ مەسەلەی نەوت ڕاکێشاوەو دەڵێت : (نەوتی کەرکوک لە کوردستاندا بوو بەهۆی ئەوەی کە هەندێ لە قەومییە عەرەبەکان دان بەمافی نەتەوایەتی کورددا نەنێن بەڵام پێویستە ئەم جۆرە بۆچوونە تەرە بکرێت ، چونکە گەلی عەرەب خاوەنی سامانێکی زۆری نەوتە).

کاتێ ئیمپریالیستەکانیش لە23ی ئابی ساڵی 1921دا لە ڕێگای ڕیفراندۆمێکەوە توانیان فەیسەڵ کە یەکێك بوو لە ئەندامانی بنەماڵە پاشایەتی هاشمی بکەنە پادشای عێراق،دانیشتوانی کەرکوك بەرهەڵستی ئەو ریفراندۆمەیان کردوە نارەزایی خۆیان دەربڕی لە بەلکاندنی کەرکوك و بە عێراقی عەرەبییەوە هەروەکو چۆن دانیشتوانی سلێمانی لە ئەساسدا بەشدارییان لەو ریفراندۆمە نەکرد.(1)

لێرەدا بەپێی ئەو سەرچاوانەی کە لەسەرەوەدا باسمان لێوە کردن کوردستانێتی پارێزگای کەرکوك وەکو حەقیقەتێکی مێژوویی دەرئەکەوێت. بۆیە ئێمە پێمان وایە کە بەرژەوەندی نەتەوەی عەرەب لە عێراقدا لەوەدایە کە دان بە هەموو مافە ڕەواکانی گەلی کورد بە کوردستانێتی کەرکوك و ناوچەکانی تری کوردستاندا بنێن لە چوار چێوەی ئۆتۆنۆمیدا چونکە هەر تەنیا ئەم ڕێگایە پەیوەندی برایەتی و هاوخەباتی تا سەری نێوان کوردو عەرەب پتەوتر ئەکات، بەڵام ئەگەر هەڵوێستی کاربەدەستانی میری بەردەوام بوون بێ لەسەر خۆگێل کردن لە داننەنان بە مافە ڕەواکانی گەلی کورد، ئەوا بێگومان زوو بێ یان درەنگ ڕۆڵە قارەمانەکانی گەلەکەمان لە ڕێگای خەباتی چەکدارو زمانی تفەنگ مافە پێ شێل کراوەکانی خۆیان دەسێنن. 1984/12/23

بەشی سێیەم :-

کار بەدەستەیەك لە دوای یەکەکانی عێراق هەر لەسەردەمی دەسەڵاتدارێتی بنەماڵەی هاشمیەوە تاکو ئەمڕۆ، بەچاوی غەریب و گومان لێ کراو، میوان سەیری میللەتی کورد ئەکەن لە عێراقدا بوغزو کینەی نەتەوایەتی لە ناو دڵ و دەروونی هاوولاتیانی عەرەبدا دەچێنن و بەشێوەیەکی شۆڤێنی یانەی ئەوتۆ پەروەردەیان ئەکەن، گوایە کورد خەتەرێکی گەورەیە بەسەر دواڕۆژی نەتەوەی عەرەبدا، بۆیە پێویستە هەمیشە لە هەوڵدانی بەردەوامدا بن بۆ شێواندنی فەرهەنگ و مێژوو نەریت و داب و دەستوری کوردی و تواندنەوەی گەلی کورد، داگیر کردنی نیشتمانەکەی بۆ ئەوەی بتوانن بە ئاسانی بەروبووم و سامانی کوردستان بدزن و بەری ڕەنجی خەڵکەکەی هەڵ لوشن.

بەڵام حکومەتی ئێستای عێراق لە هەموو حکومەتەکانی پێش خۆی زیاتر دژایەتی کوردو، لە جێر باڵی ئۆتۆنۆمی کارتۆنیدا هەوڵی تواندنەوەو لەناوبردنی ئەدا، هەر لە ساڵی 1963دا کاتێ بۆ ماوەی تەنیا 6 مانگ فەرمانڕەوایەتی عێراقیان گرتە دەست، بە بیانووی پاراستنی ئەمنی شاری کەرکوك و ناوچە نەوتاوییەکان، کەوتنە ڕووخاندنی هەزاران خانووی کوردی گەڕەکەکانی شۆریجەو ئازادی لەشاری کەرکوکدا ، هەروەها 21 گوندیان لە نێوان ناحیەی دبس و –کەرکوك ڕاگواست و زیاتر لە (1500) خێزانی جوتیاری گوندەکانی (مامەو، عەلی غیر، شیرناو، قەرەدەرە، عەمشە، قوتان، قەرە

هەیبەت، جوان ، قوش قایەو کتکەو شانەشین و مەلا عەبدوڵڵا)و چەندین دیهاتی تریان دەربەدەرکردو عەشایەری عەرەبیان لە شوێندا نیشتە جێ کردن.

لەدوای بەیاننامەی 11ی ئازاری ساڵی 1970شدا، لەبری ئەوەی بەندی 14ی بەیاننامەکە لەسەر ژمێری گشتی عێراق جێبەجێ بکەن، کەوتنە نەقڵ کردنی هەموو فەرمانبەرە کوردو تورکەکانی دائیرەی (سجلی مدنی) کەرکوک وە فەرمانبەری بەعسی عەرەبیان هێنایە شوێنیان، بۆ ئەوەی بتوانن بە ئارەزووی خۆیان دەسکاری سجلاتی نفوس دانیشتوانی شاری کەرکوک بکەن ، هەموو ئەو فەرمانبەرو کرێکارو پۆلیسە کوردانەش کە لەسەر مەسەلەی کورد راپان کردبوو، یان لەکار دەرکرابوون، ئەبوایە بەپێی بەیانی 11ی ئازار بگەڕانرایەوە سەر کارەکانی خۆیان، بەڵام ئەوان ڕێگایان نەدا ئەوانەی شاری کەرکوک بگەڕێنەوە شارەکانی خۆیان بەڵکو هەریەکەیان نەقلی شارو شارۆچکەی پارێزگاکانی تری کوردستان کرد. ئینجا کەوتنە نەقل کردنی ژمارەیەکی زۆرتر لە فەرمانبەری دائیرەو کرێکارانی کۆمپانیای نەوتی کەرکوک لە بەرامبەر ئەمانەشدا سەدان فەرمانبەرو کرێکاری عەرەبیان هێنایە شوێنەکانیان.

لە ساڵی 1972شدا حکومەتی بەعس عێراق کەوتە هاندان و یارمەتی دانی بێ حیسابی چەندین دەرەبگ و عەشایەری عەرەب بۆ ئەوەی زەوی و زارو موڵکی جوتیارە کوردەکانی دەوروبەری شاری کەرکوک بکڕن. لە هەمان کاتیشدا دەرەبگ و جوتیارە کوردەکانیان هان ئەدا بۆ ئەوەی زەوی و زارو موڵکەکانی خۆیان بە عەرەبکان بفرۆشن. تا لە ئەنجامی ئەو سیاسەتە شۆڤێنیەدا سەدان خێزانی جوتیاری کورد لە ناوچەکانی داوودەوکاکەیی لە ژێر باڵی تۆقاندن و زەبرو زەنگ و فێڵ و خەڵەتاندنیان بە پارە دەربەدەرکران و گوندەکانی ( حەشیشە ، دەڵسی گەورە دەڵسی بچوک ، کۆمبزە، رەبعاوا، گرد رابیعە، عەتشانە، تەل مەغار، ئەرغوون، سێکانی کەراکرە، کەریمیە، سەی محمد) عەرەب نشین کران. ئینجا پارەیەکی زۆرو خانوبەرەی نوێیان بۆ ئەو عەشایەرە عەرەبانە دروست کرد ، هەم بۆ ئەوەی لەلایەکەوە بتوانن بە ئاسودەیی بژین وە لەلایەکی تریشەوە هاندەرێك بێت بۆ هێنانی خێزانی تری عەرەب، هەر لەو ساڵانەشدا دەرگایانم لەسەر بارەگای یەکێتی نووسەرانی کوردستان داخست و نەیان هێشت گۆڤاری گزنگ لە ژمارەیەکی زیاتربڵاوبکرێتەوە.

تەنانەت لە ساڵی 1977دا کەوتنە ڕاکێشانی جادەی 60مەتری و ئیستملاك کردنی خانووی خێزانە کوردەکانی شۆڕیجە دوای ئەوەی خانووکانیان رووخاندن و تەعویزێکی کەمیان دانێ ڕێگەیان پێ نەدان لەناو شاری کەرکوك زەوی بکڕن و جارێکی تر خانووی تێدا دروست بکەنەوە،بۆ ئەوەی دەربەدەری شارەکانی تربن.

کاتێ پرۆژەی کبریت و کارگەی کۆگا کۆلاش لە کەرکوك کرایەوە کرێکارو فەرمانبەری عەرەبیان بۆ هێناو کرێکارە کوردو تورکمانە بێ کارەکانیان فەرامۆش کرد. هەر یەکێکیش لەو کرێکارو فەرمانبەر یان خێزانە عەرەبانە دەفتەر نفوس ساڵی 1957 یان بۆ دروست کردن گوایە لە کۆنەوە دانیشتوانی ئەسڵی کەرکوکن، بەمەبەستی ئەوەی بتوانن بەو جۆرە فروفێڵ و ساختەکاریانە رێژەی نفوسی عەرەب لە شاری کەرکوك و دەوروبەریدا زۆرتر بکەن. وەبە پێی بریارێکی رەسمی راگەیاند کە هیچ کوردێکی دانیشتوانی کەرکوك و دەوروبەریشی مافی ئەوەیان نیە زەوی

و خانوو بكرِن یان خانووی نویّ دروست بكەن، دەستیشیان گرت بەسەر هەموو خانوو موڵك و ماڵی ئەو كوردانەی كە پەیوەندیان بە شۆرشی كوردستانەوە كردبوو، یان لە ترسی زەبرو زەنگی دەزگا توقێنەرەكانەوە بوون بەجەیشی شەعبی و بەعسی رایان كردبوو، لەدوایشدا لەسەر ئەو عەرەبانە تاپۆ كران كە مەبەستی تەعریب هێنرابوون وە لە ماڵەكان نیشتەجیّ كرابوون. لەلایەكی تریشەوە هەموو دائیرەو كارگەكانی دەوڵەتانیان ئاگادار كردبوّوە لەوەی كە هیچ فەرمانبەرو كرێكارێكی كورد بۆی نیە خۆی نەقلّی كەركوك بكات، ئەو كوردانەش كە دەیانەویّ كەركوك جێبهێڵن و نەقلّی شارەكانی تری كوردستان و ناوەراستوخوارووی عێراق بن پاداشتیان ئەدریّتیّ.

ئینجا كەوتنە لاسایی كردنەوەی سیاسەتی سەهیۆنیەكان لە گۆرینی ناوی كۆنی شوێنەوارەكان، وەك چۆن سەهیۆنیە داگیر كەرەكانی فەلەستین بە مەبەستی (تهوید) كردنی شارەكان ناوی (كەنداوی عەقەبە) بە ئیلات و قدسیان بە ئۆرشەلیم گۆریوە، دەزگاكانی میریش لەشاری كەركوك دا ناوی چەندین شەقام و گەرەك و كۆگاو مەكتەب وقوتابخانەوگۆرەپانە كوردی و توركییەكانیان گۆریوەتە سەر ناوی عەرەبی . گەرەكی رەحیم ئاوا یان كردووە بە حی الاندلس، مەكتەبی ئاسۆیان گۆریوە بە طلیعة، ئامادەیی كوردستانیان كردووە بە عبدالملك بن مروان.

راستە داگیركەرانی كوردستان ئەوەندەی لەدەستیان هاتبیّ دریّخیان نەكردووە نایكەن لە دەربەدەركردن و تواندنەوەی گەلەكەمان.

راستە داگیركەرانی كوردستان ئەوەندەی لە دەستیان هاتبیّ دریّخیان نەكردووەو نایكەن لە تەرحیل و تەبعیس و بە عەرەب كردن و لە پێشێل كردنی مافە رەواكانی و شەهید كردنی رۆڵە قارەمانەكانی لە دزینی بەروبومی نەوتی كوردستان، بەڵام هەرگیز نەیان توانیوە سەر بە كۆمەڵانی خەڵكی كورد شۆر بكەن و گیانی وورەو كوردایەتی و راپەرین و شۆرش لە دەروونیا بمرێنن.

كوردستان هەر لە شوێنی خۆیەتی ، شاخەكانمان هەر بەسەربەرزیەوە لوتكەكانیان بەرەو ئاسمان هەڵچوو، هەڵۆی كوێستان و بازەكانی گەرمیانیش ئەفسانە ئاسا فریشتەی خۆشەویستی هەستی هەموو كوردێكی دڵسۆزو پاكە بۆتە ئاسۆیەكی رۆشن و ئاسودە چاوەرێمان ئەكات ، زۆردارانیش بە حوكمی مێژوو ئەكەونە بەر رێچكەی رەورەوەی پێشكەوتن و لە خڵەتانی خوێن و كینەی شۆڤێنێتی خۆیان ئەگەوزن.

1984/12/24

بەشی چوارەم:- (لیژنەی پارێزگاری مافەكانی گەلی فەلەستین لە نیشتمانی داگیر كراودا) لە ساڵی 1978 راپۆرتێكیان بەناو نیشانی (سیاسەتی بە جولە كردنی قدس و رەفتاری درندانە) بلاوكردوەو، كە تیایدا باسی خاڵی سەرەكی نەخشەی سەهوێنیەكان ئەكات لە چۆنێتی دەربەدەركردنی دانیشتوانی عەرەبی فەلەستین و جێنشین كردنی جولەكە لە شوێنیاندا، هەروەها راپۆرتەكە باسی هەوڵ و كۆششی سەهوێنیە داگیر كەرەكان ئەكات لە بەجولەكە كردنی شاری قدس ، بە پیرۆكردنی هەموو شێوەیەكی زەخت و تەنگ پیّ هەڵچنین و زەبرو زەنگ ، بۆ دەربەراندنی عەرەب لە شارەكەدا.

وەهەر بەمەبەستی جێبەجێكردنی ئەو سیاسەتە شۆڤێنییە چەندین شێوەی باج و گومرگ و پیّ

بژاردنی داراییـیان خستە سەر بازرگان و خاوەن پیشـەو خـانوو موڵکـدارەکان وە بـە هـیچ جۆرێـك ڕێگایان نەدەدا عەرەباکان خانووی نوێ دروست بکــەن، تەنانــەت چــەندین ســجلاتی نوێشــیان دەسکاری کرد بۆ ئەوەی موڵکیـەتی عـەقارو ئـەرزی عەرەبەکان بدەنە دامەزراوە سەهیۆنیەکان. ئەمانەو چــەندین کــاری نامرۆڤانــە بــەزۆر دەرکردنــی دانیشــتوانی عــەرەب و بەســەریەکا ڕووخانــدنی ماڵـەکانیان بـە نیـازی زەمینـە خـۆش کردنـی بـە ئـەنجام گەیانـدنی نەخشـە گلاوەکانیـان لـە داگـیر کردنــی تــەواوی فەلەســتین و نیشــتەجێکردنی جولەکـەو دروسـت کردنـی چـەندین مسـتوطناتی یەهودی .

حکومـەتی عێـراقیش هـەر لـە ڕوانگـەی سیاسـەتی شـــــۆڤینیانەی خۆیـــــان و جێبـــــەجێکردنی ئامۆژگاریەکانی حزب، وە لە پێناوی بەدی هێنان و سـەپاندنی بـەزۆری ئامانجـە ئابوریـەکانیان لـە کوردسـتاندا سـەهیۆنیزم ئاسا کەوتونەتـە بـەجێ هێنـانی سیاسـەتی بەعـەرەب کردنـی کوردسـتانی عێـراق بەگشـتی و شـاری کـەرکوك و دەوروبـەری بەتایبــەتی ، ئــەویش بــە دەرپەڕانــدنی کــوردو تورکمــانی دانیشــتوانی شارو،دروســت کردنــی مستوطناتی نیشـتەجێکردنی بـەرفراوانی عـەرەب. وە بۆ باشتر دەرخسـتنی شـێوە فراوانـی دروست کردنـی مسـتوطناتی سـنووری شـارەوانی کـەرکوك پێویستە هەر لە ساڵی 1970دا پێ بە پێ هەنگاو بنێین لەگەڵ چۆنێتی دەست پێ کردن و جێبـەجێ کردنی ئەو نەخشە گلاوەدا.

هەر لە ساڵی 1970دا نەخشەی (حی الكرامە) یان کێشـــاو زۆر بـــە زویـــی جێبـــەجێیان کـــرد لەسەرەتادا(600) خانوویان لە جێگایەکی گرنگ و سـتراتیژیدا دروسـت کـرد کـە بـاکوری ڕۆژهـەڵاتی شـاری کـەرکوك بـوو بەرامبـەر گـەڕەکی ئیسـکانی تازە لەسـەر جادەی کـەرکوك –سـلێمانیدا ، ئـەوەی شایەانی باسیشە ئۆردوگایـەکی ئالبـاتی سـەربازی تەنیا(300) مەتر لە سەرووی حی الكرامەوەیە. لە ساڵی 1971 یشدا لە دووری یەك کیلۆمەتر لە حی الكرامەوە بەلای باکوور لە نێوان گەڕەکی ئیسکانی کۆن و ئازادیدا نەخشەی حی المثنی یان کێشا کە (500) خانوو بوو وە لە کۆتایی ساڵی 1972و لە سەرەتای ساڵی 1973دا نەخشـەکە جێبـەجێ کرا. بـاروت خانـە بەناوبانگـەکـەی شـاری کـەرکوکیش تـەنیا سـێ کیلۆمـەتر لـەم ئۆردوگایـە دوورە. وە لـە نێـوان (حـی الكرامـە و حـی المثنـی) وە زیـاتر لـە (200) پارچـە زەویـان لـە سـاڵی 1980-1981ەوە بـەناوی شـەهیدانی قادسـیەی صـەدامەوە بەسـەر عەرەبەکان دابەش کرد. کە ئێستا هەموویان کراون بە خانوو. لەبەرامبـەر ڕەحیم ئاواش دا کە ئێستا ناویـان نـاوە (حـی الاندلس) مسـتوطنیکیان بـۆ کرێکــارە عەرەبــەکانی کارگــەی کــۆلا دروســت کردووە.

لـەلای کـەرکوکی نـوێش کـە دەکەوێتـە ڕۆژئـاوای شـــارەوە، پـــرۆژەی (2000 )هـــەزار خـــانوو (40000)هـەزار خـانوو دەسـت پـێ دەکـات کـە یەکـەمیان لـە سـاڵی 1979دا دەسـتی پێکـراوەو لەلایەن موقاوەلاتی کەرتی تایبەتیەوە بەجێهێنراوە ، دووەمیشـــیان لەلایـــەن کۆمپانیـــەکی بیانیـــەوە بەجێهێنراوە.

لەوبەری عەرەفەوە واتە بەلای باشووری ڕۆژئاواوە، جـادەی کـەرکوك- دبـس دەسـت پـێ دەکـات، بەوبـەری جادەکـەوە بارەگاکـانی (فرقـەی دووو، فەیلـەقی یـەك، فرۆکەخانـە) یەکـە بـەرەو باشـووری کەرکوکدا دەکشێ .جا لـەم بـەرو ئەوبـەری جـادەی کـەرکوك-دبس زیـاتر لـە (1000) خـانوو دروست

کـراوه بـۆ کرێکـارانی کارگـەکانی غـازو کبریـت، پـالاوتنی نـەوت، کـە پێیـان ئـەوترێت(خانووەکانی عەمـەل شـەعبی) ئـەو کرێکـارە عەرەبانـەیان تێـدا نیشـتەجێ کـراوە کـە لـە شـوێنی کرێکـارە کـوردە ئەقڵ کراوەکان تەعین کراون لەو کارگانەدا.

هەر لەسەر هەمان جادەدا کۆمەڵە خانوویەکی تر بـەناوی (حـــی الظبـــاط) لەبــەردەم ئۆردوگـــا عەسکەریەکەی کەرکوک و گۆرەپانی فرۆکەخانەوە دروست کراوە. بەشێوەیەکی کەوانەیی بەرەو هێڵی شـەمەندەفەر درێـژ ئەبێتـەوە تـا ئەگاتـە ئاسـتی محطـةی کـەرکوک تەنانـەت لـە نێوان باب النظامی فرۆکەخانەوە (باب النظام) ی فرقەی دوو ئەوماڵانە تێکـەڵی ئۆردوگاکـە دەبـن و سـنووریان لـە بەینـدا نـەماوە کـە ژمـارەی ماڵـەکانیش زیـاترە لـە (500) خانوو .

لـە نێــوان ئۆردوگـــای کـــەرکوک و محطـــةی شەمەندەفەرەوە تا دەگاتە تسعینی کۆن و جادەی تکریـت، ئینجـا بـەرەو جـادەی کـەرکوک- بەغـداو ئیسـتگەی تەلـەفزیۆن لەوێشـەوە بـەرەو خاسـە چـەندین نیشـتنگەی تـر دروسـت کـراون کـە بـەم شێوەیەی خوارەوەیە: زیاتر لە (800) خانوو لە تسعینی کۆن بە ناوی (حی البعث) دروست کراوەو ، عـەرەبی لێ نیشـتەجێ کـراوە. لـە نێـوان جـادەی بەغـدا- تکریـت ، بەرلـەوەی بگەیتـە ئیسـتگەی تەلەفزیۆن، زیاتر لە (1500) خانوو بەناوی (حی الواسطی) دروست کراوە هەر لەهەمان ناوچەدا زیـاتر لـە (450) خـانوو بـەناوی (دور السـكك) دروست کراوە. لەسەر جادەی بەغداش زیاتر لە (100) خانوویـان دروسـت کـردووە بـەناوی (حی الاشتراكيه)وە، وەبەدەستە چەپی جادەی بەغدا لە نێوان جادەو خاسەدا زیاتر لە (1600) خانوویان بەناوی(حی الغرناطة) وە دروست کردووەو بەرەو تسعینی تازەوە هەڵدەکشێ.

لـەوێو خاسەشـدا، واتـە لـە ئاسـتی ئیسـتگەی تەلەفزیۆن و لەباشووری شارەکەو بەرەو مەمدودەو مـەجزەرە( قەسـابخانەی تـازە) تـا دەگاتـە ڕێگـای لەیلان-شۆریجە، چەندین نیشتنگەی جۆر بـەجۆرو فراوانیـان دروسـت کـردووەو، نەخشـەی چـەندین پرۆژەشـیان ڕشـتوە ئـەو نیشـتنگایانە بـەرەو باشـووری ڕۆژهـەڵات درێـژ دەبێتـەوە تـا دەگاتـە نزیکـی (حـی الکرامـە) ئـەو گەڕەکـە عـەرەب نیشینانەش بریتین لە مانای خوارەوە.

- لەســەر ڕێگـــای لــەیلان زیـــاتر لـــە 1000 خانوویـان بـەناوی (حی الحجاج)وە دروست کردوە.
- لە نێـوان قەسـابخانەی تـازەو حی الحجاج دا 1500 خانوویـــان بـــەناوی(حـــی العروبـــە)وە دروست کردووە.
- هـەر لـە هـەمان ناوچـەدا و لەسـەرووی(حـی الحجـاج)وە 300 خانوویـان بـەناوی حـی الوحدە دروست کردووە.
- بەرامبەر حی الوحدەو سەیتەرەی لەیلان 150 خانوویـــان بـــەناوی حـــی الحریـــە دروســـت کردووە.
- ئینجا لە حی الحریە وە بەرەو شۆریجە 220 مـالی عـەرەب نشـین هـەن کـە هـەموویان پیاوەکانیان ئەمنن، بۆیە ئەو خانووانەیان ناو ناوە بە (دور الامن).
- لە دور الامنەوە بـەرەو خـوارتر 100 خـانوو بەناوی (دور ضباط الصف) دروست کـراوە، بـەردەمی ئـەم کۆمەڵـە خـانووەش خەیمـەی تایبەتی هەیە بۆ پارێزگاری کردنیان.
- لەبەرامبـەر دور الامـن دور الضـباط الصـف بەرەو خوار 750 خانوویـان دروست کردووە

بەناوی حی قتیبە.

- لە حی قتیبەش بە خوارەوە حی الشرطة دەست پێ دەکات کە ژمارەی خانووەکان دەگاتە 100 خانوو.
- لە هاوینی ساڵی 1981دا وەك وەجبەی یەکەم لە پشت سەیتەرەکەی لەیلانەوە زیاتر لە 8000 پارچە زەوییان بەسەر عەرەبە تازە هاتووەکان دابەش کرد لە پاڵ یارمەتی دانێکی نۆزدە هەزار (19/000) دیناریدا واتە (دە هەزار دینار منحەو شەش هەزار دینار عەقاری و سێ هەزار دیناریش بۆ دروست کردنی ژێر زەمین).. لە وەجبەی دووەمیشدا 25000 بیست و پێنج هەزار پارچە زەوی تریان دابەش کرد کە ئەمەیان درێژی 18 کیلۆمەتر دەگرێتەوە تا دەگاتە ناحیەی لەیلان.

سەرباری دروست کردنی ئەو هەموو نیشتنگایانە عەرەب نشین کردنی چەندین نەخشەو پرۆژەی تریان لەناوجەرگەی شارەکەدا بەتایبەتی لەناو گەڕەکە کوردەکاندا جێ بەجێ کردووە. لە نێوان موسەڵلاو قەسابخانەی کۆندا400 شوقەیان بەسەر ماڵە عەرەبەکاندا دابەش کردووە هەر ماڵێکیش دە هەزار (10/000) دیناریان داوەتێ، بەمەرجێ ئەوەی شوێنی ناوونووس و جێگای لە دایك بوونی خۆی بگۆڕێتە کەرکوك . لە گەرەکی ئیمام قاسم یشدا 200 پارچە زەوییان بەسەر ماڵە عەرەبەکاندا دابەش کردوە کردیان بە خانوو ناویشیان نا(حی البعث).

دەستەڵاتدارانی میری لە کەرکوکدا هەر بەوە نەوەستان ئەو هەموو خانووانەیان دروست کردو، عەرەب نشینیان کرد، بەڵکو بە بیانووی پرو پووچ کەوتنە ڕووخاندنی گەڕەکە میللییەکان، بە تایبەتی گەڕەکە کوردییەکان کە بەناوی ئاوەدان ڕێگەوبانی تازەو دامەزراندنی پرۆژەی جۆراوجۆری دایەرەی ئەمن و مەنزومەو پان کردنی هێڵی شەمەندەفەری کەرکوك- هەولێرو پرۆژەی پردی تەپە- زێویە سەدان ماڵیان ڕووخاندو بە بلدۆزەر تەختیان کرد.

بەم جۆرە دابینین شاری کەرکوك سەرباری ڕووخاندنی هەزاران ماڵی کوردو دەربەدەرکردنی دانیشتوانەکەی،بەپشتێنەیەکی (30/000) لە دواکەوتوترین ماڵە عەرەب و بەرەبابەو ئۆردوگای سەربازی ئابلۆقە دراوە. ئەگەر تێکرای سەرژمێری هەر ماڵێك بە 4 تا5 کەس دابنێین، ئەوا سەرژمێری ئەو عەرەبە نیشتەجێ کراوانە دەگاتە 80 تا100 هەزار عەرەب کە بەشی هەرە زۆریان بریتین لە ئەفسەرو پۆلیس و ئەمن و ئیستخبارات و مخابرات و کەسانی حزبی و کارگێرانی تایبەتی ئیش و کارەکانی خۆیان ودایەرەکان. بەشێوەیەکی شۆڤینیانەی ئەوتۆش پەروەردەکراون کە هەموو دانیشتوانە تورکمان و کوردەکانی شارەکە بە دوژمنی خۆیان بزانن بۆیە دۆخێکی نالەبار لە جیاوازی ڕەگەز پەرستانەی نەتەوەیی و سیاسی و کۆمەڵایەتی بلاوبۆتەوە لەشاردا.

سیاسەتی ترس وتۆقاندن وخەفەکردن وگرتن وئازاردان وهەڵوا سینی بە کۆمەڵ زاڵ بووە بەسەر خەڵکدا ئەویش بە مەبەستی چۆڵ کردنی تەواوی شارەکەیە لە کوردو تورکمان و جێ بەجێکردنی تەواوی بەعەرەب کردنێتی . بەڵام مێژووی پڕ سەروەری خەباتی گەلانی ژێر دەستەی دونیا ئەوەیان سەلماندووە کە نەخشەی دوژمنان و زۆرداران لەبەردەمکی ئیرادەی هێزو توانای شۆڕشگێرانی کۆمەلانی خەڵك خۆی ناگرێت و لە ژێر شەپۆلی

کـــاروانی بزوتنــــەوەی ڕزگــــاری نیشـــتمانیدا
ووردوخـــاش ئـــەبێت. خـــەباتی قارەمانانـــەو گیـــان
فیداکاریـــەکانی گـــەلی کـــوردیش حـــەزو ئـــارەزووی
داگیرکـــەران لـــە ژێـــر ڕەوڕەوەی کـــاروانی نەپســـاوەی
شۆڕشدا هەڵدەوەشێنێتەوە.

1984/12/25

بەشی پێنجەم:-

دیـــارە سیاســـەتی بەعـــەرەب کردنـــی ســـەرانســـەری کوردستانی عێراق سیاسەتێکی نوێو کاتی نیە، بەڵکو مەبەست و ڕیشەی مێژووی درێژ خایەن و ستراتیژی خۆی هەیە لە پێناوی چەسپاندنی بۆچوون و تیۆرییە شۆڤینیەکانی خۆیاندا لەمەڕ دەست بەسەراگرتنی بێ ڕووبـــووم و ســـامانە سروشـــتییەکانی کوردســـتان و تواندنەوەی گەلەکەی لەناو گەلی عەرەبی سەردەستدا.

بەم جۆرە سەرجەم سیاسەتەکانی حکومەتی عێراق لە بەعـــەرەب کـــردن و کـــۆچ پێکـــردن و گواســـتنەوەی دیهاتـەکان تا دەگاتە پەیڕەوکردنی سیاسەتی ترس و تۆقانـدن و سـەرکوتکردن و هەڵواسـین کـە هـەموویان دیـــاردەی بـــەجێهێنانی ئـــەو ئامانجـــە ســـتراتیژییە ئابورییانـەن کـە درنـدە داگیر کـەرەکان نەخشـەیان بـۆ کێشـاوەو سـەرەتای جێبەجێکردنەکـەش ئـەمڕۆ وەکـو هـەنگاوی یەکـەم خۆی لـە ناوچە نەوتاویـەکانی شـارو شارۆچـــکەو دیهاتـــەکان دەنـــوێنێ. بۆیـــە پارێزگـــای کـەرکوك وەکـو ناوچـەیەکی پـڕ سـامانی نـەوتی بۆتـە مەیـدانی خـــاڵی یـــەکانگیری چـالاکترین سیاســـەتی بەعەرەب کردن. ئەویش بەپرش و بڵاوەپێکردنی تورك و کوردەکـانی پارێزگاکـەوە هەڵوەشـاندنەوەی لەسـەرە خۆی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابوریانەی نێوان دانیشتوانی شارەکەو لەگەڵ قەزاو ناحیەکانیدا.

دەست تێـوەردان و گـۆڕینی نەخشـەی ئیداری شـاری کـەرکوك هـەوڵێکی تـری داگیرکەرانە بـۆ باشتر زەمینە خۆشکردنی بە عەرەب کردن و هەڵ لوشینی ئەو ناوچە نەوتییانـەوە داپچـڕینی زۆربـەی زۆری قـەزاو ناحیـە کوردو تورکمانەکان لـە مەرکـەزی پارێزگای کـەرکوك و دابـەش کردنیـان بەسـەر پارێزگاکانی تکریت و دیالـەو سـلێمانیدا. هـەروەها داپچـڕینی بەشـێك لـە ناحیـەی کەنـدیناوەی پارێزگـای هـەولێرو لکانـدنی بەقـەزای دبسەوە کە سەر بە پارێزگای کەرکوکە.

بەڵام بۆ ئەوەی باسەکەمان ووردتر بێت با چاوێك بە چۆنێتی گۆڕینی نەخشەی ئیداری پارێزگای کەرکوکدا بخشێنین:

1- دابڕینـی قـەزای توزخورمـاتو بەهـەر چـوار ناحیەکەوە(قادر کەرەم و نەوجول،کە هەموو دانیشتوانەکانی کوردن،سلێمان بەگ و ئامرلی کـە زۆربـەی دانیشـتوانەکەی تورکمـانن)، وەلکاندنی بەمەرکەزی پارێزگای تکریت .

2- دابڕینی قەزای کفری بە هەموو ناحیەکانیەوە لـە کـەرکوك و بەسـتنەوەی بـە پارێزگـای دیالـەوە. دیـارە لکانـدنی ئـەم دوو قەزایـە بـە پارێزگـای تکریـت و دیالـەوە بـە مەبەسـتی ئەوەیە کە لەلایەکەوە کوردو تورکمانەکانی پارێزگای کەرکوك بڵاوە پێ بکەن و لەلایەکی تریشـەوە بیانکەنـە کەمینـە لـە پارێزگاکـانی تکریت و دیالەدا.

3- دابڕینی قەزای کەلارەوە قەزای چەمچەماڵ بە ناحیەی سەنگاو و ئاغجەلەرەوە لکاندنیان بە پارێزگای سلێمانیەوە.

بـەم جـۆرە 3/2ی واتـا دوو لەسـەر سـێی ڕووبـەری پارێزگـای کـەرکوك بـەر شـاڵاوی هەڵوەشـاندنەوەی نەخشەی ئیداری کەوتووە.

ئەمـە لەلایـەکی تـرەوە دیهاتـە کوردەکـانی ( لهیبـان، قـەبران، سـلێمان بەخشـیان، سـێ قووچـان، گورگـە، کابەرەکـە، خەرابـە)و چـەندی تریـان لـە ناحیـەی کەنـــدیناوای ســـەر بـــە پارێزگـــای هـــەولێریان

دابڕیوەوخستویانەتە سەر گوندی سەرگەران ، کە کراوە بە ناحیەو ناویان ناوە (قدس)وە لکاندوویانە بە قەزای دبسەوە.

مەبەستی حکومەت لە سیاسەتی هەڵوەشاندنەوەی نەخشەی ئیدارەی کەرکوک بۆ کەم کردنەوەی تەواوی ڕێژەی چڕی دانیشتوانی پارێزگاکەیە، بە تایبەتی ڕێژەی چڕی کوردەکان، ئینجا ڕێژەی تورکمانەکان بەرانبەر بەرێژەی دانیشتوانی عەرەب لەسەرانسەری پارێزگاکەدا. ئەو قەزاو ناحیانەش کە عەرەبن وەکو حەویجەو حەلکە هەر وەکو خۆیان سەر بە پارێزگای کەرکوک ماونەتەوە کە لە ڕاستیدا زۆر نزیکی تکریت و بە ئاسانی دەتوانرا بخرێتە سەر ئەو مەرکەزەوە. وە بەپێی ئەو نەخشە ئیداری یە تازەیە زۆربەی زۆری کاروباری رەسمی ناوونووس‌وشوێنی لەدایک بوونی دانیشتوانی ئەو قەزاو ناحیانە دەگوێزرێتەوە بۆ ئەو پارێزگا تازانە.

دیارە ئەو نەخشە تازەیە دەبێتە هۆی شێواندن و پساندنی پەیوەندی ئابوری نێوان ئەو قەزاو ناحیانە لەگەڵ مەرکەزی کەرکوکدا کە بەدرێژایی سەدان ساڵ بەو مەرکەزە بەسترابوونەوە بەمەش لەلایەکەوە پایەی گرنگی ئابوری مەرکەزی پارێزگاکە کز دەبێ و لەلایەکی تریشەوە چالاکی ئابوری ئەو قەزاو ناحیانە گۆرانێکی تەواوی بەسەردا دەسەپێنرێ.

لێرەدا مەترسی ئەو سیاسەتە مێژوییە شۆڤێنیەمان بۆ دەردەکەوێت لە بەعەرەب کردنی شاری کەرکوک بۆیە پێویستە لەسەر هەموو ڕۆڵەیەکی تێکۆشەری ئەم گەلە خەتەری ئەو سیاسەتە دەرک پێ بکەن و هەموو کۆمەلانی خەلکیشی لێ هۆشیار بکەنەوە. تا باشترو قوڵ و باسکی خەباتی لێ هەڵکەن و هەرچی لە توانایاندا هەیە لە کۆسپ خستنە بەر جێبەجێ کردنی ئەو سیاسەتە درێخی نەکەن، هەروەها هەموو ئەو عەرەبانە ئاگادار بکەنەوە کە مەبەستی سیاسەتی بە عەرەب کردن هێنراون بۆ کەرکوك‌ودەوروبەری،ناوچەکان جێبهێڵن ئەگینا ژیانی خۆیان‌ومال‌ومنالیان دەکەوێتە بەر مەترسی هێرش و پەلاماری تێکۆشەرانی گەلەکەمان.

1984/12/26

بەشی شەشەم:

حکومەتە یەك لە دوایەکانی عێراق لە جیاتی ئەوەی دەرس‌وپەند لە مێژوو و تاقیکردنەوەی گەلان و وولاتانی فرە نەتەوە وەربگرن و لە ڕوانگەی زانستی یەوە سەیری مەسەلەی کورد بکەن و بزوتنەوەکەی بە پێشکەوتنخوازولە پێناوی دانان بە مافە ڕەواکانی بزانن، لە جیاتی ئەوەی هەوڵی چارەسەرکردنی عادیلانەی بدەن و برایەتی کوردوعەرەب و یەکێتی نیشتمانی عێراق بەهێزترو باشتر بچەسپێنن، مافە ئازادی‌ودیموکراتیەکانی خەڵك بسەلمێنن، بە پێچەوانەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ مەسەلەی کوردیان ئالۆزترو، جۆرەها تومەتی ناڕەواو دەزگای تۆقێنەریان بۆ سەرکوت کردن و تواندنەوەو لەناوبردنی دامەزراندووە.

تایبەتێتی ئەم حکومەتەی ئێستای عێراقیش لەگەڵ حکومەتەکانی پێش خۆی لەوەدایە کە ئەم دام‌ودەزگا تازەیەی عێراق کە زیاتر لە 16 ساڵە حوکم دەکەن، شێوەو ڕەفتارو کاریان لە دژایەتی کردنی شۆڕشی کوردستان جیاوازە لەگەڵ حکومەتەکانی پێش خۆیاندا.

ئەم حکومەتە لە جیاتی ئەوەی ئینکارکردنی بوونی نەتەوەی کورد بکەنە بنچینەی سیاسەتی لەناوبردنی کوردوداگیرکردنی تەواوی کوردستان، هاتوون بەشێوەیەکی ساختەکاریانە دانیان بەبوونی نەتەوەی کوردو مافەکانی داناوەو جۆرەها دەزگای کارتۆنیان بۆ دامەرزراندووە، بەلام هەر ئەم داننانە بەبوونی کوردو مافەکانی کراوە بە پەردەی بنچینەی سیاسەتی

لەناوبردنی گەلی کوردوداگیرکردنی وولاتەکەی .

ئـەم حکومەتــە بــەناوی ئــاوەدان کردنـــەوەی کوردستان‌وپێش خستنی دێهاتی هەژارو دواکەوتووی کوردستانەوە، خاکی کوردستان وێران‌وداگیر دەکات، خەڵکەکـــەی ڕادەگوێزرێتەوەودەربـــەدەری دەکـــات ئابوورییەکـــەیان دەڕوخێنێت،برســـی وهەژارو لاتیـــان دەکـات، ناچـاریان دەکـات بچـنە بازارەکـانی کـاری ناوەڕاست و خوارووی عێراق بەشوێن نان دا بگەڕێن، وە بەناوی پاراستنی ناوچە نەوتاویەکانیش کوردەکان لە هەندێ ناوچە دەردەکات و عەشایەرو فەرمانبەرو کرێکاری عەرەب لەشوێنیاندا نیشتەجێ دەکات. واتە حکومـەتی ئێسـتای عێـراق نـەك هـەر لـەژێر بـاڵی ئۆتۆنـۆمی کارتۆنیـدا هـەمان سیاســەتی وولاتــە داگیرکەرەکانی تری کوردستان و حکومەتەکانی پێش خۆی دووبارە دەکاتەوە لە دژایەتی کردنی میللەتی کورددا. بەڵکو زۆر لەوان خەتەرترو دڕندانەتر، تەنانەت هەنـدێ جـار عـەرەبی دەوڵـەتانی عـەرەبیی تـریش بەشداری دەکات لەو تاوانە نەتەوەییانەی دژی خەڵکی کوردستان ئەیکات بۆ داگیرکردنی نیشتمان و بەتاڵان بردنی سەروەت و سامانەکەی . وە بۆ بەرین و فراوان و بـەهێزترکردنی هێرشـەکەی بـۆ سـەر نەتـەوەی کـورد هەوڵی گەمارۆدانی ئەدات لەگەڵ داگیرکەرانی تردا. دوا ڕێکەوتنەکەیان لەگەڵ فاشستەکانی تورکیادا هەوڵێکی نەزۆکی تریانە بۆ بە کۆمەڵ و گەلە کۆیی کردنە سەر لەناوبردنی شۆڕشی کوردستان.

بەڵام ئەم ڕێکەوتنەشیان لە ڕێکەوتنەکەی 6ی ئازاری 1975ی جەزائر کە لەگەڵ (شا)دا مۆریان کرد باشتر نابێت. بەپێی ڕێکەوتنامەکەی جەزائر دەس بەرداری بەشێکی زۆری خاك و نیشتمانی عێراق و مافی عێراق بوون لە شط العرب و، مافەکانی گەلی عەرەبی ئێران و بزوتنـــەوەی شۆڕشـــگێرانەی گـــەلانی کەنـــداوو زەففاربوون. هەموو تەماع و چاوچنۆکی یەکانی ئێرانی شایان هێنایەدی، هەر بۆ ئەوەی هاوکاریان بکات لە کوژاندنەوەی شۆڕشی ڕزگاری خوازی کوردستاندا، دوایی تریش بۆ ئەوەی ڕژێمی کۆنەپەرستی هاوکاریان لەگەڵدا بکات بۆ تەفرو تونا کردنی گەلی کورد چ ڕاستەوخۆ بەوەی لە شۆڕشگێڕانی کوردستانی عێراق بدات لە سنورەکاندا، چ بە کۆکردنەوەی دەنگ و باس. بەڵام هەر تەنیا ساڵێك دوای ئەو ڕێکەوتنە بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردستان هەڵسایەوەو بە پێچەوانەی ئارەزوو و مەبەستە گلاوەکانی ئەوان ئاگری شۆڕشی هەڵگیرساندەوە. لە مەفرەزەی بچووك بچووك وە بەتوانایەکی کەمی چەك و فیشەك و دارایی گەیشتە ئەم قۆناغەی ئێستا کە تاکە هێزی کاریگەرە لە کوردستاندا.

حکومەتیش سەرباری ئەوەی سەرلەنوێ کەوتەوە نەخشەو پلانی دامرکاندنەوەی شۆڕش‌وسەفەرکردنی پارەوپولێکی زۆروپێرەوکردنەوەی هەمان سیاسەتی شۆڤێنییانەی کۆنی خۆیان، لەلایەکی تریشەوە هەرلەهەوڵ و سەرەنجامی گەڕاندنەوەی ئەو مافە بوو کە بۆ سەرکوت کردنی شۆڕشی کوردستان لە ساڵی 1975دا لە جەزائر بەشایان دۆڕاند، تووشی ئەم شەڕە سەخت و دژوارو درێژ خایەنەی ئێران بوون. کە زیاتر لە 4 ساڵە جۆگەلەی خوێنی خەڵکی عێراق و ئابوورییەکەی بەهەدەر دەڕوات، ئەوەندەی هەوڵیش دەدەن شەڕەکەیان بۆ ناوەستێ دەرگای سەرکردەو وولاتانیش نەماوە لێی نەدەن و هانای نەبەنە بەر بۆ وەستاندنی شەڕەکەو دەربازبوونی لێی،بۆیە ئەبوایە دەرس و پەندیان لە ڕابردووی سیاسەتە چەوتەکانی خۆیان وەربگرتایەو هەوڵی چارەسەرکردنی زانستی و عادیلانەی مەسەلەی کوردیان بدایە. چونکە ئەوسا نەتووشی سەر شۆڕکردن دەبوون بۆ شاو نەئەم شەڕەی ئێرانیشیان دەبوو بە بەرۆکەوە. ئێمە لەکاتێکدا ڕۆژانی

ڕابردوو هەمیشەیی خەباتی قارەمانانەی گەلی کوردەوە سیاسەتە شۆڤێنییە سەرنەکەوتوەکانی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق بەگشتی و حکومەتی ئێستا بە تایبەتی وەبیر کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و فەرمانڕەوایانی عێراق و گەلی عەرەب دێنێتەوە، جارێکی تریش دەسەڵاتدارانی میری ئاگادار دەکەینەوە کە سووربوونیان لەسەر سیاسەتە شۆڤێنیەکان بە تایبەتی لە بەعەرەب کردنی کەرکوك، کە هەواڵەکان وا ئەگەیەنن میری شەپۆلێکی تری نوێی بە عەرەب کردنی دەست پێکردۆتەوە لە کەرکوکدا. ئەمەش لە هەلو مەرجێکدا کەوا هەموو گەلانی عێراق لە چاوەڕوانی ئاسایی کردنەوەی وەزعی شاری کەرکوکدا بوون تا هەنگاو بە هەنگاو ژیانی ئاسوودەیی بگەڕێتەوە شارەکەو کەرکوك بکرێت بە شاری برایەتی و خۆشەویستی.

بەڵام ئەوانەی یاریش بە ئاگر دەکەن و هەر سوورن لەسەر ڕاکردن بەدوای خەیاڵ و ئارەزووە نەخۆشەکانی خۆیاندا، وەبەردەوامن لەسەر سیاسەتە چەپەڵەکانیان لە زەبروزەنگ وخۆگێل کردن لە دانان بە مافە ڕەواکانی گەلی کورد، ئەووا بێگومان ئەبێ ئەو ڕاستیەش بزانن کە لە پێش هەموو شتێك سووتانی خۆیانی لە دوایەو هەموو ئەو هەوڵ و تەقەلایانەش کە تا ئێستا دراون لە پێناو چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد بەشێوەیەکی ئاشتی و هێمنانە لەبەریەك ئەترازێنێ وپایەگاکانی گفتوگۆ لە بنەڕەتەوە هەڵدەتەکێنێ، دیسان گەلەکەمان بە پێشڕەوایەتی ی.ن.ك ناچار دەکەنەوە زمانی تفەنگ بکاتەوە بەڕێگای سەرەکی خەبات تا چۆك بەدوژمنان دادەن.

## سەرچاوەکان:-

1-عێراق و مەسەلەی کورد.

2-سیاسەتی بە عەرەب کردنی کەرکوك.

3-تەرحیل و تەعریب و تەبعیس 3 دڕکن لە ویژدانی گەلەکەماندا.

4-ئۆرگانی کۆمەڵە ژمارە 2 خولی (1) .

5-گۆڤاری برایەتی ژمارە 6،5،1.

6-کوردستان و کورد د. قاسملۆ.

7-القضية الكردية محمود الدرة.

8-كردستان والحركة القومية الكردية.

9-مجلة الهدف عدد 404 - 1978.

10-الكرد والمسالة الكردية شاكر خصباك.

---

(1)ئەگەر چی ئێمە لەگەڵ هەموو بۆچوونەکانی هەندێ لەو مێژوونوسانەدا نین لەسەر ڕێژەی دانیشتوانی کورد لەو کەرکوکدا، چونکە ڕێژەکەی زۆر لەوە زیاترە.

****************************

**لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان**

**دەزگای ڕاگەیاندن**

**ئازاری 1985**